سودانی پێشوازی لە فەرماندەی نوێنەرایەتی ناتۆ دەکات و پشتیوانی بۆ هاوکاری دوو قۆڵی دووپات دەکاتەوە



ئەمڕۆ پێنجشەممە، محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران پێشوازی لە فەرماندەی نوێنەرایەتی ناتۆ لە عێراق کرد و تاوتوێی هاوکاریی دوو قۆڵی و پاپشتی بۆ مشق و ڕاهێنانی هێزە چەکدارەکان کرد.
نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەنراوێکدا کە دەستی موتابەع کەوتووە، ڕایگەیاند: "محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆک وەزیران، پێشوازی لە ژەنەرال کریستۆف هینتزی، فەرماندەی نێردەی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی/ناتۆ لە عێراق و شاندی یاوەری کرد، کە تێیدا پەداچوونەوە بۆ پەیوەندییەکانی هاوکاری نێوان عێراق و نێردەکە لە سەرجەم بوارە پەیوەندیدارەکاندا کرا."

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بۆدا کە "عێراق بە گرنگییەوە سەیری داهاتووی پەیوەندییەکانی هاوکاری دووقۆڵی لەگەڵ وڵاتانی ئێندامی هاوپەیمانێتییەکە دەکات، هەروەک چۆن بوونی نێردەکە بە پڕۆپەدانی بوارەکانی ڕاهێنانی هێزە چەکدارەکانمان بە پێکهاتە جیاوازەکانییەوە بکاردەهێنێت، بە شێوەیەک کە پشتگیری لە توانا تەکنیکی و سەربازییەکانی عێراق بکات و بەردەوام بێت لە ئێنجامدانی ئەرکەکانی بەوپەڕی تووندوتۆڵی و پرۆفیشناڵییەتەوە، و پڕۆپەدانی توانا شکۆدارەکان."

لەلای خۆیەوە، ژنەڕا هینتزی "ستایشی ئەدای نایابی هێزە ئەمنییەکانمان و توانایان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئۆرکەکان لە سەرانسەری عێراقدا" دەربڕی، و دووپاتیکردەوە کە "نەردەکە بەدواداچوون بۆ گۆشەسەندنی پێیوەندییەکان لەگەڵ عێراق و ئەو پشتگیرییە فەرمییە دەکات کە لەلایەن تیمی تەکنیکییەوە وەریدەگرێت، و هاوکاری هاوبەش بۆ لەبەرچاوگرتنی دەرئەنجامەکانی سەردانەکەی سەرۆک وەزیران بۆ بارەگای هاوپەیمانێتییەکە لە بروکسل و دیداری لەگەڵ ئەمینداری گشتی هاوپەیمانێتییەکە و سەرکردە و نوێنەرانی وڵاتانی ئێندام